# وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

# دەستەی گشتی گەشت و گوزار

*Quality Award*

# خەڵاتی جۆری بۆ بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری

دەرچوونی یەکەم
2016

دانانی ستانداردەکان وئامادەکردن
مەولەوی جبار وهاب
وفاء جبار سولاقا

# وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

# دەستەی گشتی گەشت و گوزار

# خەلاتی جۆری بۆ بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری


دانانی ستانداردەکان وئامادەکردن

مەولەوی جبار وهاب

وفاء جبار سولاقا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

ئامانج محمود مصطفى



دەرچوونی یەکەم


2016

# خەڵاتی جۆری (جائزة الجودة) بۆ بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری

**پێشەکی:**

**بۆ یەکەم جار لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت و لە پێناو بەرەوپێش بردن و بەرزکردنەوەی ئاستی جۆری خزمەتگوزاری لە بنکە گەشتیاریەکان، دەستەی گشتی گەشت و گوزار بە پاڵپشتی بەرێز خاتوو (نەورۆز مەولوود) وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسا بە دانانی خەڵاتی جۆری بۆ بنکەکانی مانەوە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان لە بواری بەڕێوەبردنی جۆری. بەمەش دەستەی گەشت و گوزار وای کردووە کە کێبڕکێ لە نێوان بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری دروست بێت وە ببێتە پاڵپشتی بۆ بنکەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانیان لە سەرجەم بوارەکانی کارکردن.**

# نەخشەی خەڵاتی جۆری بۆ بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری



| | | |
|---|---|---|
| رێکەوتی پەسەندکردن : | **دەستەی گشتی گەشت و گوزار** | |
| کۆد : F / QM / 00 /053/ 2016 | | |
| ژمارەی فۆرم : | | |

## فۆرمی تایبەت بە پێدانی خەڵاتی جۆری (جائزة الجودة) بۆ بنکەکانی مانەوە

جۆری بنکەی گەشتیاری: ☐ هۆتێل ☐ مۆتێل ☐ گوندی گەشتیاری ☐ کۆمەڵگەی گەشتیاری ☐ شوقەی گەشتیاری

ناوی بنکەی گەشتیاری :

پارێزگا:

ژمارە و رێکەوتی مۆڵەتی گەشتیاری :

پۆلین:

ناوی خاوەنی بنکە گەشتیاریەکە بەپێی مۆڵەت:

ناونیشان :

ژمارەی تەلەفۆن :

ئیمێل :

روونکردنەوە:

| 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
|---|---|---|---|---|---|
| نییە | توانای سەلماندنی نییە | توانای کەم بۆ سەلماندن | توانای مامناوەند بۆ سەلماندن | توانای سەلماندنی هەیە | توانای تەواو بۆ سەلماندنی هەیە و نموونەی سەرکەوتووە |

٭ تکایە تێبینیەکان لە لاپەرەی کۆتایی بخوێنە

| ژ | پێوەر | نمرە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ستراتیژیەت ( کێشی ئەم پێوەرە ٪7) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 1.1 | بوونی پلانی ستراتیژی روون | | | | | | | |
| 1.2 | پلانی ستراتیژی بنکە جێبەجێ دەکرێت و بەدواداچوونی کاری بۆ دەکرێت | | | | | | | |
| 1.3 | پلانی ستراتیژی بنکە نوێ دەکرێتەوە بەپێی داخوازیەکانی کڕیار | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |
| 2 | سەرکردایەتی ( کێشی ئەم پێوەرە ٪10) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 2.1 | سەرکردەکان هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ پەرەپێدانی دید و پەیام و بەهاکانی بنکە | | | | | | | |
| 2.2 | بوونی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی کارا بۆ رێکخستنی کارەکان و بەشداری راستەوخۆ لە دانان و پەرەپێدانی سیستەمی کارکردن | | | | | | | |
| 2.3 | سەرکردەکان پەیوەندی تەواویان هەیە لەگەڵ چینە جیاوازەکانی ناو و دەرەوەی بنکە | | | | | | | |
| 2.4 | سەرکردەکان بنیاتنەری رۆشنبیری نایابن | | | | | | | |
| 2.5 | سەرکردەکان بەرێوەبردن کارا دەکەن بۆ پرۆسەکانی گۆڕانکاری | | | | | | | |
| 2.6 | بوونی سیستەمی هەڵسەنگاندن و لێپێچینەوەی سەرکردەکان | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | بەبازاڕکردن ( کێشی ئەم پێوەرە 7٪) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 3.1 | بوونی پلانی بەبازاڕکردنی گشتگیر و کار کردن بەپێی ئەم پلانە | | | | | | | |
| 3.2 | بانگەشە کردن لە میدیای (بیستراو، بینراو ، خوێندراو) | | | | | | | |
| 3.3 | بوونی هێما ( Brand) و سلوگون (Slogan) ی تایبەت بە بنکە و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی کاریگەر | | | | | | | |
| 3.4 | بوونی پاکێجی گەشتیاری جۆراوجۆر و نایاب | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |
| 4 | سەرچاوە مرۆییەکان ( کێشی ئەم پێوەرە 8٪) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 4.1 | بوونی پلانی ڕاهێنانی گشتگیر بۆ پەرەپێدانی توانای کارمەندان و کارکردنی گونجاو بەپێی ئەم پلانە | | | | | | | |
| 4.2 | بوونی سیستەمی گونجاو بۆ هاندانی کارمەندان | | | | | | | |
| 4.3 | بوونی پێوەری شەفاف بۆ دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوەی کارمەندان | | | | | | | |
| 4.4 | بەشدارپێکردنی کارمەندان لە وەرگرتنی بڕیار | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |
| 5 | کارپێکردن و خزمەتگوزاری ( کێشی ئەم پێوەرە 10٪) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 5.1 | پرۆسەکان دیزاین کراوە بۆ خزمەتکردنی کڕیار | | | | | | | |
| 5.2 | پابەندبوون بە شێوازی گشتی (المظهر العام) زیاترە لە پێشبینی کڕیار | | | | | | | |
| 5.3 | بنکە پابەندە بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان | | | | | | | |
| 5.4 | بنکە خزمەتگوزاری تری نایاب پێشکەش بە کڕیار دەکات | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |
| 6 | ژینگە و تەندروستی و سەلامەتی ( کێشی ئەم پێوەرە 10٪) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 6.1 | کار لەسەر کەم بەکارهێنانی وزە و ئاو دەکرێت | | | | | | | |
| 6.2 | بوونی سیستەمێکی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی پاشماوەکان و خۆڵ و خاشاك و سوود وەرگرتن لە ئاوی بە کارهاتوو | | | | | | | |
| 6.3 | کار دەکرێت بۆ کەم کردنی ژاوە ژاو | | | | | | | |
| 6.4 | کار دەکرێت بۆ دوورکەتنەوە لە مەترسییە کیمیاویەکان | | | | | | | |
| 6.5 | بوونی هەموو پێویستەکانی سەلامەتی کارمەندان و سەلامەتی کڕیار | | | | | | | |
| 6.6 | کار دەکرێت لە سەر دڵنیابوون لە کوالیتی ئاو و خۆراك | | | | | | | |
| 6.7 | بوونی هەموو کەرەستە پێویستەکانی سەلامەتی لە ئەگەری ئاگرکەوتنەوە | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 7 | هاوبەشی و سەرچاوەکان( کێشی ئەم پێوەرە 7٪) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 7.1 | بوونی هاوبەشی لەگەڵ هۆتێل و کۆمپانیا و پێشکەشکاری خزمەتگوزاری گەشتیاری بە تایبەت بیانیەکان | | | | | | | |
| 7.2 | بەڕێوەبردنی باڵەخانەکان و هەبووەکان (الموجودات) بە شێوەی زانستی و شەفاف ئەنجام دەدرێت | | | | | | | |
| 7.3 | کار دەکرێت لە سەر پاڵپشتی ئابووری ناوخۆیی | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |
| 8 | رازیبوونی کارمەندان ( کێشی ئەم پێوەرە 7٪) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 8.1 | کێشەی کارمەندان بە شێوەیەکی گونجاو و خێرا چارەسەر دەکرێت | | | | | | | |
| 8.2 | کارمەندان بەشداریان پێ دەکرێت لە چالاکیە جۆراوجۆرەکان | | | | | | | |
| 8.3 | بوونی رێزگرتن لە مافی کارمەندان و چاودێری کردنیان | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |
| 9 | رازیبوونی کڕیار ( کێشی ئەم پێوەرە 10٪) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 9.1 | بوونی رێکاری پێویست بۆ پێوانە کردنی رازیبوونی کڕیار و هەڵسەنگاندنی هەموو بوارەکانی (پەیوەندی کارمەندان لەگەڵ کڕیار، خزمەتگوزاری پێشکەش کراو ، پێدانی زانیاری....هتد) و شیکردنەوەی ئەنجامەکان | | | | | | | |
| 9.2 | پەرەپێدان و باشتر کردنی کارەکان بەپێی داخوازی کڕیار | | | | | | | |
| 9.3 | بوونی رێکاری گونجاو بۆ پەیوەندی لەگەڵ کڕیار دوای سەردانی بۆ بنکە | | | | | | | |
| 9.4 | بوونی رێکاری گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی سکاڵای کڕیار بەشێوەیەکی خێرا | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |
| 10 | ئەنجامەکان ( کێشی ئەم پێوەرە 15٪) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
| 10.1 | بەرزبوونەوەی ژمارەی میوان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا | | | | | | | |
| 10.2 | بەرزبوونەوەی رێژەی قازانج لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا | | | | | | | |
| 10.3 | زیادبوونی ژمارەی خەڵات و بڕوانامەی بە دەست هاتوو لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا | | | | | | | |
| 10.4 | زیادبوونی رێژەی رازیبوونی کڕیار لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا | | | | | | | |
| 10.5 | زیادبوونی رێژەی رازیبوونی کارمەندان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا | | | | | | | |
| | کۆ: | | | | | | | |

| 11 | پێوەرەکان و بەڕێوەبردنی زانین و پەرەپێدانی بەردەوام ( کێشی ئەم پێوەرە 9٪) | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 11.1 | بوونی ڕێکاری پێویست بۆ پێداچوونەوە و شیکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان و ئەنجامدانی بەراووردی پێوەری (benchmarking) لەگەڵ بنکە نایابەکان | | | | | | | |
| 11.2 | بوونی پێوەری نێودەوڵەتی تری جێبەجێ کراو لە بنکە | | | | | | | |
| 11.3 | بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ لە کارەکان بەشێوەیەکی پرۆسەیی | | | | | | | |
| 11.4 | بوونی یەکەی بەڕێوەبردنی جۆری کاریگەر | | | | | | | |
| کۆ: | | | | | | | | |

## خشتەی نمرەکان

| ژ | پێوەر | کۆی نمری پێوەر | Factor | ئەنجام (کۆی نمری پێوەر / Factor) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ستراتیژیەت | | 2.14 | |
| 2 | سەرکردایەتی | | 3 | |
| 3 | بەبازارکردن | | 2.86 | |
| 4 | سەرچاوە مرۆییەکان | | 2.5 | |
| 5 | کارپێکردن و خزمەتگوزاری | | 2 | |
| 6 | ژینگە و تەندروستی و سەلامەتی | | 3.5 | |
| 7 | هاوبەشی و سەرچاوەکان | | 2.14 | |
| 8 | رازیبوونی کارمەندان | | 2.14 | |
| 9 | رازیبوونی کریار | | 2 | |
| 10 | ئەنجامەکان | | 1.67 | |
| 11 | پێوەرەکان و بەرێوەبردنی زانین و پەرەپێدانی بەردەوام | | 2.22 | |
| کۆی گشتی نمرەی پێوەرەکان | | | | |

Factor = (کۆی نمرەی پێوەری دانراو/ کێش) × ( 100/1)

## پاشکۆی تایبەت بە پرسیارەکان کە دەبێت بنکە گەشتیاریەکان بە بەڵگە وەڵامی بدەنەوە

| ژ | پێوەر | وەڵام |
|---|---|---|
| 1 | **ستراتیژیەت** | |
| **1.1** | **بوونی پلانی ستراتیژی روون** | |
| 1.1.1 | ئایا بنكە دید و پەیام و بەهای نوسراوی هەیە؟ بە کارمەندان و کڕیار راگەیاندراوە؟ (تكایە وێنەیەك هاوپێچ بكە) | |
| 1.1.2 | ئایا بنكە شیکردنەوەی بۆ ژینگەی دەرەکی و ناوخۆیی خۆی ئەنجام داوە؟ (تكایە وێنەیەك هاوپێچ بكە) | |
| 1.1.3 | ئایا ستراتیژیەتی بنكە روونە لەلایەن کارمەندان؟ (تكایە وێنەیەك هاوپێچ بكە) | |
| 1.1.4 | ئایا بنكە ئامانجی سەرەکی (Goal) هەیە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەت؟ (تكایە وێنەیەك هاوپێچ بكە) | |
| 1.1.5 | ئایا بنكە ئامانجی کارپێکردنی (Operational Objective) هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکیەکان؟ ( تكایە وێنەیەك هاوپێچ بكە) | |
| **1.2** | **پلانی ستراتیژی بنكە جێبەجێ دەکرێت و بەدواداچوونی کارای بۆ دەکرێت** | |
| 1.2.1 | ئایا بنكە یەکەی کارگێری هەیە کە ئەرکی جێبەجێ کردنی ئامانجەکان بگرێتە ئەستۆ؟ (ناوی یەکەکە بنووسە) | |
| 1.2.2 | ئایا بنكە یەکەی کارگێری هەیە بۆ بەدواداچوون لەسەر جێبەجێ کردنی ئامانجەکان؟ (ناوی یەکەکە بنووسە) | |
| 1.2.3 | ئایا بنكە هەڵسەنگاندن بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیژیەت دەکات بەشێوەی بەردەوام؟ | |
| **1.3** | **پلانی ستراتیژی بنكە نوێ دەکرێتەوە بەپێی داخوازیەکانی کڕیار** | |
| 1.3.1 | ئایا ڕێکاری پێویست هەیە بۆ وەرگرتنی رای کڕیار لەسەر ستراتیژیەتی بنكە؟ | |
| 1.3.2 | ئایا ستراتیژیەتی بنكە بەپێی داخوازی کڕیار نوێ دەکرێتەوە؟ | |

| وەڵام | پێوەر | ژ |
|---|---|---|
| | **سەرکردایەتی** | **2** |
| | **سەرکردەکان هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ پەرەپێدانی دید و پەیام و بەهاکانی بنکە** | **2.1** |
| | ئایا سەرکردەکان کار لەسەر نوێ کردنەوەی دید و پەیامی بنکە دەکەن؟ (تکایە وێنەیەك لە دید وپەیامی نوێ هاوپێچ بکە) | 2.1.1 |
| | ئایا سەرکردەکان پابەندن بە بەهاکانی بنکە؟ | 2.1.2 |
| | ئایا سەرکردەکان کاردەکەن بۆ بلاّوکردنەوەی رۆشنبیری بەرێوەبردنی هاوبەش؟ | 2.1.3 |
| | ئایا سەرکردەکان کار دەکەن بۆ ناساندنی دید و پەیام و بەهاکانی بنکە؟ | 2.1.4 |
| | **بوونی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی کارا بۆ رێکخستنی کارەکان و بەشداری راستەوخۆ لە دانان و پەرەپێدانی سیستەمی کارکردن** | **2.2** |
| | ئایا بنکە ئەنجومەنی بەرێوەبردنی هەیە؟ ئایا ئەم ئەنجومەنە پەیرەوی ناوخۆیی هەیە بۆ کارکردن و وەرگرتنی بریار؟ | 2.2.1 |
| | ئایا ئەنجومەنی بەرێوەبردن هەڵدەستێت بە دانانی میکانزمی گونجاو بۆ دلنیابوون لە جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی بنکە؟ | 2.2.2 |
| | ئایا ئەنجومەنی بەرێوەبردن کار دەکات بۆ پەرەپێدانی پرۆسەکان؟ | 2.2.3 |
| | **سەرکردەکان پەیوەندی تەواویان هەیە لەگەڵ چینە جیاوازەکانی ناو و دەرەوی بنکە** | **2.3** |
| | ئایا سەرکردەکان بەشدار دەبن و هانی کارمەندان دەدەن بۆ بەشداری لە چالاکیە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلگا؟ | 2.3.1 |
| | ئایا میکانزمێك هەیە بۆ پەیوەندی راستەوخۆی نێوان سەرکردەکان و هەموو چینەکانی کارمەندان؟ | 2.3.2 |
| | **سەرکردەکان بنیاتنەری رۆشنبیری نایابن** | **2.4** |
| | ئایا سەرکردەکان نموونەی پابەندبوون و دڵسۆزین بۆ کارمەندانی بنکە؟ | 2.4.1 |
| | ئایا سەرکردەکان بەشدار دەبن لە هاندان و رێزگرتنی کارمەندە لێهاتووەکان؟ | 2.4.2 |

| | | |
|---|---|---|
| | ئایا سەرکردەکان هەڵدەستن بە دانانی سیاسەت و شێوازی جۆراوجۆر بۆ نایابی؟ | 2.4.3 |
| | ئایا سەرکردەکان کار دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر رەوشتی پیشەیی و دەست پاکی لە نێوان کارمەندان؟ | 2.4.4 |
| | ئایا سەرکردەکان داهێنان دەکەن لە کارەکانیان؟ پاڵپشتی داهێنان لە بنکە دەکەن؟ | 2.4.5 |
| | **سەرکردەکان بەڕێوەبردن کارا دەکەن بۆ پرۆسەکانی گۆڕانکاری** | **2.5** |
| | ئایا سەرکردەکان کار دەکەن بۆ دانانی پلانی جۆراوجۆر  بە مەبەستی گۆڕانکاری بۆ باشتر کردنی کارەکان؟ (تکایە پلانەکە هاوپێچ بکە) | 2.5.1 |
| | ئایا سەرکردەکان دەستنیشانی پێویستیەکانی جێبەجێ کردنی پلانەکانی گۆڕانکاری دەکەن لە رووی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی و هتد؟ | 2.5.2 |
| | سەرکردەکان هەڵدەستن بە شیکردنەوەی پلانەکانی گۆڕانکاری و هۆکارەکانی بۆ کارمەندان پێش ئەنجامدانی؟ | 2.5.3 |
| | لە کاتی بوونی نارەزایی بۆ پرۆسەی گۆڕانکاری، سەرکردەکان چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن؟ | 2.5.4 |
| | سەرکردەکان خوێندنەوەی ورد بۆ مەترسییەکانی جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی گۆڕانکاری دەکەن و چارەسەر بۆ مەترسییەکان دادەنێن؟ (واتە کارکردن بەپێی سیستەمی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان) | 2.5.5 |
| | **بوونی سیستەمی هەڵسەنگاندن و لێپێچینەوەی سەرکردەکان** | **2.6** |
| | ئایا پێوەر دانراوە بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکردەکان؟ | 2.6.1 |
| | ئایا رای کارمەندان وەردەگیرێت لەسەر ئاستی ئەدای سەرکردەکان؟ | 2.6.2 |
| | ئایا سەرکردەکان پابەندن بە جێبەجێ کردنی یاسا و رێنماییەکان؟ | 2.6.3 |

| ژ | پێوەر | وەڵام |
|---|---|---|
| 3 | **بەبازاڕکردن** | |
| **3.1** | **بوونی پلانی بەبازاڕکردنی گشتگیر و کارکردن بەپێی ئەم پلانە** | |
| 3.1.1 | ئایا بنکە پلانی بەبازاڕکردنی هەیە و تێدا کار لەسەر بازارە مەبەستدارەکان دەکات؟ ئەم بازارە کامانەن؟ (تکایە وێنەیەك لە پلانەکە هاوپێچ بکە) | |
| 3.1.2 | ئایا بنکە هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردنی پلانی بەبازاڕکردن لە کاتی دیاری کراو بەپێی پلان؟ | |
| 3.1.3 | بنکە چاپەمەنی تایبەتی بە خۆی هەیە؟ جۆر و ژمارەی چاپەمەنیەکان چەندە؟ لە کوێ دابەش دەکرێن؟ | |
| 3.1.4 | بنکە ویب سایتی تایبەتی هەیە؟ | |
| 3.1.5 | ئایا بنکە بەشدارە لە پێگە ئەلکترۆنیەکانی تایبەت بە گرتنی ژووری پێش وەخت (ناوخۆیی، جیهانی)؟ (تکایە ناوی پێگەکان بنووسە) | |
| 3.1.6 | ئایا بنکە ڕێکاری گونجاوی هەیە بۆ وەرگرتنی کاردانەوەی کڕیار و سکاڵاکانیان؟ | |
| **3.2** | **بانگەشە کردن لە میدیای (بیستراو، بینراو ، خوێندراو)** | |
| 3.2.1 | ئایا بانگەشە بۆ بنکە دەکرێت لە کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانیەکان؟ (تکایە ناوی کەناڵەکان بنووسە) | |
| 3.2.2 | ئایا بانگەشە بۆ بنکە دەکرێت لە رادیۆکان؟ (تکایە ناوی رادیۆکان بنووسە) | |
| 3.2.3 | ئایا بانگەشە بۆ بنکە دەکرێت لە رۆژنامەکان؟ (تکایە وێنەیەك هاوپێچ بکە) | |
| 3.2.4 | ئایا بانگەشە بۆ بنکە دەکرێت لە گۆڤارەکان؟ (کایە وێنەیەك هاوپێچ بکە) | |
| **3.3** | **بوونی هێما ( Brand) و سلوگون (Slogan)ی تایبەت بە بنکە و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی کاریگەر** | |
| 3.3.1 | ئایا بنکە هێما و سلۆگۆنی تایبەت بە خۆی هەیە؟ (تکایە وێنەیەك هاوپێچ بکە) | |
| 3.3.2 | ئایا بانگەشەیان بۆ دەکرێت تاوەکو ناسراو بێت لە لایەن کڕیار؟ | |
| **3.4** | **بوونی پاکێجی گەشتیاری جۆراوجۆر و نایاب** | |
| 3.4.1 | ئایا بنکە پاکێجی گەشتیاری بۆ میوانان دابین دەکات؟ (تکایە وێنەیەك لە پاکێجەکە هاوپێچ بکە) | |
| 3.4.2 | ئایا بنکە پاکێجی گەشتیاری بۆ کۆمپانیا گەشتیاریەکان ئامادە دەکات؟ (تکایە وێنەیەك لە پاکێجەکە هاوپێچ بکە) | |
| 3.4.3 | ئایا بنکە بەشداری لە پێشانگای ناوخۆیی و جیهانی کردوە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا؟ (تکایە ناوی پێشانگا و جۆری بەشداریکردنەکە دیاری بکە) | |
| 3.4.4 | چین ئەو چالاکیانەی کە بنکە ئەنجامی داوە لە پێشانگاکان؟ (تکایە وێنەیەك هاوپێچ بکە) | |

| ژ | پێوەر | وەڵام |
|---|---|---|
| 4 | سەرچاوە مرۆییەکان | |
| **4.1** | **بوونی پلانی ڕاهێنانی گشتگیر بۆ پەرەپێدانی توانای کارمەندان و کارکردنی گونجاو بەپێی ئەم پلانە** | |
| 4.1.1 | ئایا بنکە پەیکەری ڕێکخستنی هەیە؟ (تکایە وێنەیەك هاوپێچ بکە) | |
| 4.1.2 | ئایا وەسفی وەزیفی بۆ کارمەندان هەیە؟ (تکایە وێنەیەك هاوپێچ بکە) | |
| 4.1.3 | پلانی ساڵانە هەیە بۆ ڕاهێنانی کارمەندان بەپێی ئەرکەکانیان؟ ئایا جێبەجێ دەکرێت؟ | |
| 4.1.4 | ئایا سیستەمی هەڵسەنگاندن هەیە بۆ کارمەندان دوای بەشداریان لە خولی ڕاهێنان بۆ زانینی ڕێژەی سوود وەرگرتنیان لە خولەکان؟ | |
| **4.2** | **بوونی سیستەمی گونجاو بۆ هاندانی کارمەندان** | |
| 4.2.1 | کار دەکرێت لەسەر هەڵسەنگاندنی ئەدای کارمەندان؟ | |
| 4.2.2 | ئایا کارمەندە لێهاتووەکان هاندەدرێن و ڕێز لە تواناکانیان دەگیرێت؟ ئەو میکانیزمە چیە بۆ دەستنیشان کردنی کارمەندی لێهاتوو؟ | |
| 4.2.3 | ڕاپرسی دەکرێت بۆ زانینی ڕازیبوونی کارمەندان و کێشەکانیان؟ | |
| 4.2.4 | شیکردنەوە دەکرێت بۆ فۆرمی ڕاپرسی بۆ زانینی ڕێژەی ڕازیبوونی کارمەندان؟ | |
| 4.2.5 | ئایا جێگایەك هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کارمەندان و بەدواداچوون بۆ چارەسەری کێشەکانیان؟ | |
| **4.3** | **بوونی پێوەری شەفاف بۆ دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوەی کارمەندان** | |
| 4.3.1 | ئایا بانگەشە دەکرێت بۆ پلە بەتاڵەکان بەشێوەی ئاشکرا؟ | |
| 4.3.2 | ئایا پێوەری تایبەت دانراوە بۆ وەرگرتنی کارمەند بۆ پلە بەتاڵەکانی بنکە؟ ئایا ئەم پێوەرانە بڵاوکراونەتەوە و پێوەی پابەندن؟ | |
| 4.3.3 | لێژنەی تایبەت هەیە بۆ هەڵبژاردنی کەسانی شیاو بەپێی پێوەرەکان لە نێوان ئەوانەی داواکاریان پێشکەش کردوە؟ ئایا لێژنە بەبێ لایەنی و بەپێی میکانیزمی شەفاف کارەکانی ئەنجام دەدات؟ | |

| | | |
|---|---|---|
| 4.3.4 | ئایا میكانیزمی روون و شەفاف هەیە بۆ بەرزكردنەوەی پلەی وەزیفی؟ | |
| **4.4** | **بەشدارپێكردنی كارمەندان لە وەرگرتنی بڕیار** | |
| 4.4.1 | ئایا كارمەندان بەشداریان پێ دەكرێت لەكاتی وەرگرتنی بڕیارە گرنگەكان؟ ئایا ئەم میكانیزمە چۆنە؟ | |
| 4.4.2 | ڕێگە دەدرێت بە كارمەندان پێشنیارەكانی خۆیان پێشكەش بكەن بە مەبەستی چاككردنی كوالیتی خزمەتگوزاری پێشكەش كراو؟ ئایا كاری پێ دەكرێت و جێبەجێ دەكرێت؟ | |
| 4.4.3 | پاداشت دەدرێتە ئەو كارمەندانەی پێشنیار پێشكەش دەكەن بە مەبەستی هاندانیان؟ | |

| ژ | پێوەر | وەڵام |
|---|---|---|
| 5 | **کارپێکردن و خزمەتگوزاری** | |
| **5.1** | **پرۆسەکان دیزاین کراوە بۆ خزمەتکردنی کڕیار** | |
| 5.1.1 | ئایا نرخی خزمەتگوزاریەکان لە بنکە گونجاوە و لە ئاستی پێشبینی کڕیارە؟ | |
| 5.1.2 | کوالیتی خزمەتگوزاریەکان لە بنکە لە ئاستی پێشبینی کڕیارە؟ | |
| 5.1.3 | ئایا بنکە میکانیزمی تایبەتی هەیە بۆ بەدواداچوون لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیار لە ناو بنکە؟ | |
| 5.1.4 | یەکەی تایبەت هەیە بۆ چاککردنەوە؟ پشکنینی بەردەوام دەکرێت بۆ کەرەستە و ئامێرەکان بەشێوەی بەردەوام؟ | |
| 5.1.5 | ئایا لە ناو بنکە نەخشە و چاپەمەنی هەیە و لە ئاستی پێویستی میوانە؟ (جۆری چاپەمەنیەکان بنووسە) | |
| **5.2** | **پابەند بوون بە شێوازی گشتی (المظهر العام) زیاترە لە پێشبینی کڕیار** | |
| 5.2.1 | ئەو میکانیزمە چیە کە بنکە پەیرەوی دەکات بۆ دڵنیابوون لە پاك و خاوێنی لە هەموو خزمەتگوزاریەکان؟ | |
| 5.2.2 | ئایا جل و بەرگی یەك پۆشی هەیە بۆ کارمەندان؟ | |
| 5.2.3 | باجی تایبەت هەیە بۆ ناساندنی کارمەندان؟ | |
| 5.2.4 | ئایا کەل و پەلی بەکارهاتوو نوێ و خاوێن و گونجاوە؟ | |
| 5.2.5 | دیزانی ناوخۆ و دیکۆری بنکە گونجاوە و لە ئاستی داواکاری کڕیارە؟ | |
| **5.3** | **بنکە پابەندە بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان** | |
| 5.3.1 | ئایا بنکە پابەندە بە ناردنی ئاماری مانگانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزار؟ (تکایە وێنەیەك لە ئاماری نێردراو هاوپێچ بکە) | |
| 5.3.2 | ئایا بنکە پابەندە بە نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کار کردن لە کاتی دیاری کراو؟ (تکایە وێنەیەك لە مۆڵەت هاوپێچ بکە) | |
| 5.3.3 | تیمەکانی پشکنینی گەشتیاری و تەندروستی جەخت دەکەن لە سەر پابەندبوونی بنکە بە هەموو ڕێنماییەکان؟ | |

| | | |
|---|---|---|
| **5.4** | **بنکە خزمەتگوزاری تری نایاب پێشکەش بە کڕیار دەکات** | |
| 5.4.1 | **ئایا لە بنکە خزمەتگوزاری تایبەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان هەیە؟** | |
| 5.4.2 | **ئایا لە بنکە بەرهەمی کارە دەستیەکانی ناوخۆیی بەردەستە بۆ میوانان؟** | |
| 5.4.3 | **بنکە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی پرۆگرامی تایبەت بۆ منداڵان و خێزان و بەساڵاچوان؟** | |
| 5.4.4 | **بنکە پرۆگرامی گەشت ئامادە دەکات بۆ میوانان؟** | |
| 5.4.5 | **ئایا بنکە خزمەتگوزاری تر پێشکەش بە میوانان دەکات؟** | |

| ژ | پێوەر | وەڵام |
|---|---|---|
| 6 | ژینگە و تەندروستی و سەلامەتی | |
| **6.1** | **کار لەسەر کەم بەکارهێنانی وزە و ئاو دەکرێت** | |
| 6.1.1 | بنکە میکانیزمی هەیە بۆ زانینی قەبارەی ئاوی بە کارهاتوو بۆ هەر میوانێك؟ | |
| 6.1.2 | بنکە میکانیزمی هەیە بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاو؟ | |
| 6.1.3 | بنکە رێنمایی هۆشیاری کەم بەکارهێنانی وزە و ئاو دابەش دەکات بە سەر میوانان؟ (تکایە وێنەیەك هاوپێچ بکە) | |
| 6.1.4 | خولی راهێنان ئەنجام دەدرێت بۆ کارمەندان بەمەبەستی کەم کردنەوەی بەکارهێنانی وزە و ئاو؟ | |
| 6.1.5 | بەربەستی گەرمی (عزل حراري) بە کارهاتووە لە بنکە؟ | |
| **6.2** | **بوونی سیستەمێکی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی پاشماوەکان و خۆڵ و خاشاك و سوود وەرگرتن لە ئاوی بە کارهاتوو** | |
| 6.2.1 | بنکە رێنمایی هەیە بۆ کەم کردنەوەی پاشماوەکان؟ (تکایە وێنەیەك لە رێنمایی هاوپێچ بکە) | |
| 6.2.2 | ئایا بنکە میکانیزمی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی پاشماوەکان؟ | |
| 6.2.3 | ئایا بنکە هەڵدەستێ بە جیاکردنەوەی پاشماوەکان بـۆ نموونـە ( شوشە، ئەلەمنیوم، پلاستیك....)؟ | |
| 6.2.4 | ئایا بنکە سیستمی گونجاوی هەیە بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی بەکارهاتوو؟ | |
| **6.3** | **کار دەکرێت بۆ کەم کردنی ژاوە ژاو** | |
| 6.3.1 | ئایا دیزاین و جۆری پەنجەرەکان گونجاوە بۆ کەم کردنەوەی ژاوە ژاو؟ | |
| 6.3.2 | کار دەکرێت بۆ پۆشینی ئەو ئامێرانە کە هۆکارن بۆ دروست بوونی ژاوە ژاو؟ | |
| 6.3.3 | جۆری بە کارهاتوو بۆ پۆشینی دیواری ئەو ژوورانە کە دەبنە هۆکاری زیاد بوونی ژاوە ژاو؟ | |

| | | |
|---|---|---|
| | **کار دەکرێت بۆ دوورکەتنەوە لە مەترسییە کیمیاویەکان** | **6.4** |
| | جۆری بەکارهێندراوی مادده کیمیاویەکان (مبیدات الآفات) لە بنکە چیە؟ ئایا دەڤاودەقن لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان؟ | 6.4.1 |
| | ئایا کارمەندان لە رێگەی کەسانی پسپۆر و تایبەتمەند ئامادەکراون بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی مادده کیمیاویەکان (مبیدات الآفات)؟ (تکایە وێنەیەك لە بڕوانامەی بەشداربوو هاوپێچ بکە) | 6.4.2 |
| | ئایا تۆمارێکی تایبەت هەیە بۆ تۆمارکردنی مێژووی بەکارهێنان؟ | 6.4.3 |
| | ئایا کەرەستە و ئامرازەکانی ئاودان بەشێوازی پرژێن چاك دەکرێتەوە بەپێی کەتەلۆکی لایەنی دروستکراو؟ | 6.4.4 |
| | ئەو میکانیزمە چیە کە پەیرەوی دەکەن بۆ کۆنترۆل کردنی ئەو پیسایە کە لە سیستەمی ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە دەردەچێت؟ | 6.4.5 |
| | ئەو میکانیزمە چیە کە پەیرەوی دەکەن بۆ کۆنترۆل کردنی ئەو پیسایە کە لە کاری پاککردنەوە دەردەچێت؟ | 6.4.6 |
| | **بوونی هەموو پێویستەکانی سەلامەتی کارمەندان و سەلامەتی کڕیار** | **6.5** |
| | هەموو پێداویستی سەلامەتی لە رووداوەکانی کارکردن دابین کراوە بۆ کارمەندان؟ | 6.5.1 |
| | ئایا یەکەی فریاکەوتنی سەرەتایی هەیە؟ ئایا راهێنان بە کارمەندان کرایە دەربارەی فریاکەوتنی سەرەتایی؟ (تکایە وێنەیەك لە بڕوانامەی بەشداری کردن لە خولەکە هاوپێچ بکە) | 6.5.2 |
| | بیمەی تەندروستی دابین کراوە بۆ کارمەندان؟ | 6.5.3 |
| | ئایا پشکنین بۆ کارمەندان بەردەوام دەکرێت تا دڵنیابن لە سەلامەتیان؟ (تکایە وێنەیەك لە ئەنجامی پشکنین هاوپێچ بکە) | 6.5.4 |
| | جێگای حەوانەوە و ژینگەی کاری گونجاو دابین کراوە بۆ کارمەندان؟ | 6.5.5 |
| | ئەو میکانیزمانە چین کە دابین کراوە بۆ پاراستنی سەلامەتی میوانان لە هەر مەترسیەکی جەستەیی لە (مەلەوانگە ، گەرماو ، ....هتد)؟ | 6.5.6 |

| | | |
|---|---|---|
| **6.6** | **کار دەکرێت لە سەر دڵنیابوون لە کوالیتی ئاو و خۆراك** | |
| 6.6.1 | بنکە پێوەری تایبەت جێبەجێ دەکات لە بواری سەلامەتی خۆراك؟ | |
| 6.6.2 | ئایا پشکنینی بەردەوام بۆ ئاوی خواردنەوە دەکرێت؟ | |
| 6.6.3 | ئەنجامی پشکنینی ئاو بەراوورد دەکرێت لەگەڵ ستانداردەکان؟ | |
| **6.7** | **بوونی هەموو کەرستە پێویستەکانی سەلامەتی لە ئەگەری ئاگرکەوتنەوە** | |
| 6.7.1 | یەکەی فریاگوزاری هەیە لە بنکە ؟ ئەم یەکە بەرپرسی هەیە؟ | |
| 6.7.2 | هــەموو پێداویستیەکانی بەرگری شارستانی دابین کراوە لــە بنکە؟ | |
| 6.7.3 | بنکە راهێنانی بە کارمەندان کردوە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوت لە کاتی ئاگرکەوتنەوە؟ (تکایە وێنەیەك لە بڕوانامەی بەشداری کردن لە خولەکە هاوپێچ بکە) | |

| ژ | پێوەر | وەڵام |
|---|---|---|
| 7 | هاوبەشی و سەرچاوەکان | |
| **7.1** | **بوونی هاوبەشی لەگەڵ هۆتێل و کۆمپانیا و پێشکەشکاری خزمەتگوزاری گەشتیاری بە تایبەت بیانیەکان** | |
| 7.1.1 | بنکە رێککەوتننامەی هاوبەشی هەیە لەگەڵ هۆتێلەکان و کۆمپانیا گەشتیاریە ناوخۆیی و بیانیەکان؟ (تکایە وێنەیەك لە رێککەوتننامەکان هاوپێچ بکە ) | |
| 7.1.2 | بنکە رێککەوتننامەی هەیە لەگەڵ رێبەرە گەشتیارەیەکان؟ (تکایە وێنەیەك لە رێککەوتننامەکان هاوپێچ بکە ) | |
| 7.1.3 | ئایا کاری بە کۆمەڵ دەکرێت لەگەڵ هاوبەشەکان بۆ گەیشتن بە سوودی هاوبەش لە رێگای پاڵپشتی یەکتر بە شارەزایی و زانیاری و هتد؟ | |
| **7.2** | **بەرێوەبردنی باڵەخانەکان و هەبووەکان( الموجودات) بە شێوەی زانستی و شەفاف ئەنجام دەدرێت** | |
| 7.2.1 | هەموو سەرچاوە داراییەکان (بینا، کەل و پەل، ئامراز) لە بنکە دەپارێزرێت و بەشێوەیەکی گونجاو و کاریگەر بەکاردەهێنرێت؟ | |
| 7.2.2 | ئایا پرۆسەی شفاف هەیە بۆ بەرێوەبردنی دارایی و چاودێری و بوونی راپۆرتی بەدواداچوونەوەی پرۆسە داراییەکان و پاراستنی بینا و کەل و پەل؟ | |
| **7.3** | **کار دەکرێت لە سەر پاڵپشتی ئابووری ناوخۆیی** | |
| 7.3.1 | ئایا بنکە هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی بەرهەمی ناوخۆیی؟ | |
| 7.3.2 | رەگەزنامەی کارمەندانی بنکە چییە؟ و رێژەی کارمەندە ناوخۆییەکان چەندە؟ | |
| 7.3.3 | ئایا بنکە میکانیزمی تایبەت هەیە بۆ پاڵپشتی کۆمەڵگە ناوخۆییەکان؟ | |
| 7.3.4 | ئایا بنکە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی چالاکی بۆ پاڵپشتی ژینگەی دەوروبەر؟ | |

| ژ | پێوەر | وەڵام |
|---|---|---|
| **8** | **رازیبوونی کارمەندان** | |
| **8.1** | **کێشەی کارمەندان بە شێوەیەکی گونجاو و خێرا چارەسەر دەکرێت** | |
| 8.1.1 | بنکە میکانیزمی هەیە بۆ ئاگاداربوون لە کێشەی کارمەندان؟ | |
| 8.1.2 | بنکە چۆن چارەسەری کێشەی کارمەندان دەکات؟ | |
| **8.2** | **کارمەندان بەشداریان پێ دەکرێت لە چالاکیە جۆراوجۆرەکان** | |
| 8.2.1 | لە کاتی جێبەجێ کردنی پرۆژە یاخود وەرگرتنی بڕیاری گرنگ را و تێبینی کارمەندان وەردەگرێت؟ | |
| 8.2.2 | کار دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کاری هاوبەش نێوان کارمەندان؟ | |
| 8.2.3 | ئایا کارمەندان لە هەموو رێنماییەکان ئاگادار دەکرێنەوە؟ | |
| 8.2.4 | کارمەندان هاندەدرێن بۆ بەشداری لە چالاکیە جۆراوجۆرەکان لە ناو و دەرەوەی بنکە؟ | |
| **8.3** | **بوونی رێزگرتن لە ماڧ کارمەندان و چاودێری کردنیان** | |
| 8.3.1 | ئایا مووچەی کارمەندان گونجاوە لەگەڵ جۆری کارەکانیان؟ | |
| 8.3.2 | ئایا پەیوەندی لەگەڵ کارمەندان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان ئەنجام دەدرێت؟ | |
| 8.3.3 | ئایا بنکە دڵنیایە لە نەبوونی جیاوازی نێوان کارمەندان بەپێی (رەگەز، زمان، ئایین)؟ | |
| 8.3.4 | ئایا بنکە ژینگەیەکی تەندروست و گونجاوی بۆ کاری رۆژانەی کارمەندان دابین کردووە؟ | |

| ژ | پێوەر | وەڵام |
| --- | --- | --- |
| 9 | ڕازیبوونی کڕیار | |
| **9.1** | **بوونی ڕێکاری پێویست بۆ پێوانە کردنی ڕازیبوونی کڕیار و هەڵسەنگاندنی هەموو بوارەکانی (پەیوەندی کارمەندان لەگەڵ کڕیار، خزمەتگوزاری پێشکەش کراو، پێدانی زانیاری....هتد) و شیکردنەوەی ئەنجامەکان** | |
| 9.1.1 | ئایا ڕاپرسی دەکرێت  بۆ ئاگاداربوون لە ڕازیبوونی کڕیار لەسەر ئەو خزمەتگوزاریەی کە پێشکەشی دەکرێت؟ | |
| 9.1.2 | ئایا شیکردنەوە دەکرێت بۆ ئەنجامی ڕاپرسیەکان؟ سوود لە شیکردنەوەکە دەبیندرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕازیبوونی کڕیار؟ | |
| 9.1.3 | ئایا ڕاپرسی دەکرێت بۆ ئاگاداربوون لە ڕازیبوونی میوانان لەسەر خزمەتگوزاری نانی بەیانیان و ژەمەکانی تری نان خواردن؟ | |
| **9.2** | **پەرەپێدان و باشتر کردنی کارەکان بەپێی داخوازی کڕیار** | |
| 9.2.1 | ئایا تێبینیەکانی کڕیار بەهەند وەردەگیرێت و کاری لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی لە پلانی بنکە جێگیر بکرێت و کار لەسەر جێبەجێ کردنی بکرێت؟ | |
| **9.3** | **بوونی ڕێکاری گونجاو بۆ پەیوەندی لەگەڵ کڕیار دوای سەردانی بۆ بنکە** | |
| 9.3.1 | بنکە ڕێکاری تایبەتی هەیە بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵ میوان دوای سەردان؟ | |
| **9.4** | **بوونی ڕێکاری گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی سکاڵای کڕیار بەشێوەی خێرا** | |
| 9.4.1 | بنکە ڕێکاری گونجاوی هەیە بۆ وەرگرتنی سکاڵای کڕیار؟ | |
| 9.4.2 | لە کاتی وەرگرتنی سکاڵای کڕیار، میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵا و چۆنیەتی چارەسەرکردنی چۆن ئەنجام دەدرێت؟ | |
| 9.4.3 | ئایا بەرپرسێك هەیە بۆ بەڕێوەبردنی سکاڵاکانی کڕیار و چارەسەرکردنی؟ | |

| ژ | پێوەر | وەڵام |
|---|---|---|
| 10 | ئەنجامەکان | |
| **10.1** | **بەرزبوونەوەی ژمارەی میوان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا** | |
| 10.1.1 | بنکە میکانیزمی گونجاوی هەیە بۆ تۆمارکردنی ژمارەی میوان و رەگەزنامەیان؟ | |
| 10.1.2 | ئایا بنکە تۆماری ژمارەی میوانی سێ ساڵی رابردووی هەیە؟ (تکایە هاوپێچ بکە) | |
| 10.1.3 | ئایا ژمارەی میوان زیادی کردووە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا؟ | |
| **10.2** | **بەرزبوونەوەی رێژەی قازانج لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا** | |
| 10.2.1 | ئایا قازانجی بنکە زیادی کردووە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا؟ | |
| **10.3** | **زیادبوونی ژمارەی خەڵات و بڕوانامەی بە دەست هاتوو لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا** | |
| 10.3.1 | ئایا بنکە چەند بڕوانامە و خەڵاتی وەرگرتووە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا؟ (تکایە وێنەیەك لە بڕوانامەکان هاوپێچ بکە) | |
| **10.4** | **زیادبوونی رێژەی رازیبوونی کڕیار لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا** | |
| 10.4.1 | ئایا تۆماری راپرسی بۆ رازیبوونی کڕیار هەیە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا؟ (تکایە هاوپێچ بکە) | |
| 10.4.2 | ئایا رێژەی رازیبوونی کڕیار زیادی کردوە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا؟ | |
| **10.5** | **زیادبوونی رێژەی رازیبوونی کارمەندان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا** | |
| 10.5.1 | ئایا تۆماری راپرسی بۆ رازیبوونی کارمەندان هەیە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا؟ (تکایە هاوپێچ بکە) | |
| 10.5.2 | ئایا رێژەی رازیبوونی کارمەندان زیادی کردوە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا؟ | |

| وەڵام | پێوەر | ژ |
| --- | --- | --- |
| | پێوەرەکان و بەڕێوەبردنی زانین و پەرەپێدانی بەردەوام | 11 |
| | **بوونی ڕێکاری پێویست بۆ پێداچوونەوە و شیکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان و ئەنجامدانی بەراووردی پێوەری (benchmarking) لەگەڵ بنکە نایابەکان** | **11.1** |
| | بنکە میکانیزمی گونجاوی هەیە بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست لەسەر خزمەتگوزاریە پێشکەش کراوەکان؟ | 11.1.1 |
| | ئایا بنکە داتا بیسی تایبەت بە هەموو زانیاریەکانی هەیە و تۆماری هەموو ئەنجامی کارەکانی هەیە؟ | 11.1.2 |
| | ئایا داتاکان شی دەکرێنەوە و دەگۆڕدرێن بۆ زانین بە مەبەستی سوود وەرگرتن بۆ پەرەپێدانی کارەکانی بنکە؟ | 11.1.3 |
| | بنکە کار لەسەر بەراورد کردنی خۆی لەگەڵ بنکە نایابەکان دەکات بۆ دەستنیشان کردنی خاڵە لاوازەکان و پەرەپێدانی کارەکان بەپێی ئەنجامی بەراورد کردنەکە؟ (تکایە وێنەیەك لە بەراورد کردنەکە هاوپێچ بکە) | 11.1.4 |
| | **بوونی پێوەری نێودەوڵەتی تری جێبەجێ کراو لە بنکە** | **11.2** |
| | ئایا بنکە ستانداردی پێوانەی نێودەوڵەتی ( ئایزۆ 14001) تایبەت بە سیستەمی بەڕێوەبردنی ژینگە یاخود هەر ستانداردیکی هاوشێوەی تر جێبەجێ دەکات؟ (تکایە وێنەیەك لە بڕوانامە کە بەدەست هێنراوە لەم بوارە هاوپێچ بکە) | 11.2.1 |
| | ئایا بنکە ستانداردی پێوانەی نێودەوڵەتی ( ئایزۆ 22000-HACCP) تایبەت بە سیستەمی بەڕێوەبردنی سەلامەتی خۆراك یاخود هەر ستانداردیکی هاوشێوەی تر جێبەجێ دەکات؟ (تکایە وێنەیەك لە بڕوانامە کە بەدەست هێنراوە لەم بوارە هاوپێچ بکە) | 11.2.2 |
| | ئایا بنکە ستانداردی پێوانەی نێودەوڵەتی ( ئایزۆ 9001) تایبەت بە سیستەمی بەڕێوەبردنی جۆری یاخود هەر ستانداردیکی هاوشێوەی تر جێبەجێ دەکات؟ (تکایە وێنەیەك لە بڕوانامە کە بەدەست هێنراوە لەم بوارە هاوپێچ بکە) | 11.2.3 |
| | ئایا بنکە ستانداردی نێودەوڵەتی تر جێبەجێ دەکات جگە لەوانەی هاتوو لە خاڵەکانی ( 11.2.1 ، 11.2.2 ، 11.2.3 )ی سەرەوە؟ | 11.2.4 |
| | **بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نۆی لە کارەکان بەشێوەیەکی پرۆسەیی** | **11.3** |
| | ئایا بنکە بەشدارە لە وێب سایتەکانی تایبەت بە گرتنی شوێنی پێشوەختی ئەلکترۆنی ناوخۆیی وجیهانی؟ | 11.3.1 |

| | | |
|---|---|---|
| | ئایا بنکە وێب سایتی ئاکتڤی هەیە؟ وێب سایتەکە بە چەند زمان بابەتەکان بڵاودەکاتەوە؟ | 11.3.2 |
| | ئایا بنکە سیستەمی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنێت بۆ وەرگرتنی داخوازی میوانان؟ | 11.3.3 |
| | ئایا بەشە جیاوازەکانی ناو بنکە پەیرەوی سیستەمی ئەلکترۆنی دەکەن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان؟ ئایا سوود وەردەگرن لە تەکنەلۆجیای نوێ بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان؟ | 11.3.4 |
| | **بوونی یەکەی بەڕێوەبردنی جۆری کاریگەر** | **11.4** |
| | ئایا لە بنکە یەکەی کارگێری تایبەت بە بەڕێوەبردنی جۆری هەیە؟ | 11.4.1 |
| | ئایا کارمەندانی ئەم یەکەیە راهێنانیان پێ دەکرێت بۆ بەرز کردنی تواناکانیان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی جۆری لە کارەکان؟ (تکایە وێنەیەك لە بڕوانامەی بەشداری کردنی کارمەندان لە خولەکە هاوپێچ بکە) | 11.4.2 |
| | ئایا خولی ناساندن و هۆشیاری دەکرێتەوە بۆ سەرجەم کارمەندان لە ئاستە جیاوازەکان دەربارەی گرنگی جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردنی جۆری لە کارەکانیان؟ (تکایە لیستێك بەم خولانە هاوپێچ بکە) | 11.4.3 |

تێبینیەکان:

1- هەموو بنکەکانی مانەوە مافیان هەیە بۆ پێشکەش کردنی بەدەستهێنانی خەلاّتی جۆری (جائزة الجودة).

2- ئەم فۆرمە پڕ دەکرێتەوە لە لایەن بنکە گەشتیاریەکان.

3- زانیاری پێدراو لە لایەن بنکەکان وردبینی دەکرێت لە لایەن لێژنەی پسپۆر لە دیوانی دەستەی گشتی گەشت و گوزار.

4- خشتەی نمرەکان پڕ دەکرێتەوە لە لایەن دەستەی گشتی گەشت و گوزار.

5- سالاّنە خەلاّتی جۆری (جائزة الجودة) دەبەخشرێتە بنکە گەشتیاریەکان وە بەخشینی خەلاّتەکان لە رێکەوتی (27)ی ئەیلول دەبێت لە هەموو ساڵێك کە دەکاتە رۆژی جیهانی گەشت و گوزار.

6- لە کاتی بوونی هەر پرسیار دەربارەی خەلاّتی جۆری پەیوەندی بەم ئیمێلە بکەن info@bot.gov.krd

7- بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری لە بارەی بنکە و شوێنە گەشتیاریەکان سەردانی ئەم ماڵپەرە ئەلیکترۆنیە بکەن www.bot.gov.krd